# مەحاڵە من خۆش بم

خاڵەبەکر



لە چ فەرهەنگ و کلتورێکی شۆڕشگێرێتیا ڕووی داوە شۆڕشگێر هانا بۆ دوژمن بەرێت، لە فەرهەنگ وکلتوری چ شۆڕشێکدا بووە لە سەنگەری خەباتا تفەنگ بەدەست خائینەوە بوبێت و لەدەستی نەکەوتبێتە خوارەوە، ئاخر چینێکان زۆر جوان وتوویانە گرنگ تفەنگ هەڵگرتن نیە گرنگ ئەوەیە کێ لەپشت تفەنگەکەوەیە، بۆ ئەو هەموو شۆڕشگێرەی ناو شارو مەفرەزە نهێنێکان بەسانایبوبەبێ مەلامەت ئاشکرابوون و کەوتنە دەست دەزگاداپلۆسێنەرەکان گەر ئەو خائینە دەرەجە یەکانەنەبوونایە ...!؟

نازانم بەڕێزمام جەلال بۆ خۆی کرد بەدەمڕاستی دایکی شەهیدان و زیندانیە زیندان بەزێنەکان ،لەخۆڕا شفاعەتە پلینێۆمێک دێنیتەکایەوە لەپێناو سڕینەوەی مۆری بان تەوێڵی خائینە دەرەجە یەکەکانی ناو بزوتنەوەیەک کەڕۆژ بەڕۆژ بەرەونەهێشتنی دەبەبات و ڕۆژ بەڕۆژ سوکایەتی پێ دەکات و چیدی نەماوە ببێت بەپوشی دەم باو لەگێژەڵوکەکەی خۆیدا تەفروتونای نەکات، مام جەلال و هاوەڵەکانی مەگەر تەنها خۆیان بەچاوی موشفیعەوە بڕواننە مستەفاو، ئاسۆو، شالاوو، سەعدی، چونکەیەکێتی نیشتیمانی بەو هەڵوێستەی کەلەپلینیۆما نواندی هەگبەکەی خۆی تەکاندو کۆگەلێکیشی لەجەماوەری دەوروبەری خۆی تەکاند، بەم پێیەش یەکێتی نیشتیمانی ئەو ڕووسووریەی کەتائێستا جێی شانازی لە50%ی کۆمەڵانی خەڵکی کوردوستان بوون بەهیچ شێوەیەک چاوەڕوانی ئەو هەڵوێستە نەبوون کەلەپلینێۆمدا ڕەچاوکراو کۆگەلێ خەڵکی ناو گۆڕەپانی یەکێتی و دەرەوەی یەکێتی توشی شۆکێکی کتوپڕکرد، چونکەلەڕوانگەی شاراوەنەبوونی ئەو دەنگۆو باسوخوازانەی کەزەمەنێکە جەماوەری دڵ لەسەر ژیلەمۆ چاوەڕێی ئەنجامەکەیان ئەکرد هەمیشە چاوەڕێی ئەوەنەبوون ژێربەژێر لەنێوەندەکەدا بەردێکی بخەنەسەرو پاشان ئاوبێنەوەدەستپشۆ، بەڵکو لەڕوانگەیەکەوە خەڵکانی داخ لەدڵ دەیانڕوانیە مەسەلەیەکی بەو شێوەیە چارەنوسساز، دەبوا یەکێتی نیشتیمانی لەڕوانگەی بانگەشە دیموکراسیەکەی خۆیەوە پاساوەکانی ئەو چوار قارەمانەی لەمیدیاکانا بلاوبکردایەتەوە بەتایبەت کەناڵی میدیا بینراوەکان ئەوجا ڕای کۆمەڵانی خەڵک وەرگیرایە بەلێخۆشبوون یان بەلێخۆشنەبوون، نەک ئەو خەڵکانەی کەوەک خۆیان هەمیشە لەبەرەی خیانەتابوون نوزەی دەنگو دەستی لەرزۆکێیان بۆ هەڵبرن، چونکە ئەو قارەمانانەی بەرەی خیانەت وەک سەرجەم کۆمەڵانی خەڵک دەیزانێت، ئەوانە کادری ئاسایی یان پێشمەرگەیەکی ئاسایی نەبوون تاوەکو بلێین لەکاڵفامی خۆیانەوە لەخشتەبراون، (هەرچەند مەحاڵە کادیرو پێشمەرگەی سانا کاڵ فام بن، گەرکاڵ فام بونایە چەکی شەرەفومەردایەتیان نەدەکردە شان و ژیانی خۆیان و خاووخێزانیان نەدەکردە پارویەکی چەوری دەم دەم دوژمن) بەتایبەتی لەشەڕەکاندا چەندین پێشمەرگە لەبەرخاتری مانەوەی کاک مستەفا سینگی خۆی بۆکردوە بەقەڵغان تەنها لەپێناو مانەوەیدا(پف لەو مانەوەیەش) وەهەروەها بۆ شالاو-یش ئەو شالاوەی کەباوکی پیاوێکی گەلێ مەزن بووو بۆیە بەچەکی مەزن شەهیدکرا، دەنا ئاسۆو سەعدی بەهەرحاڵ ئەوەتەی من بوم بەکادرێکی کۆمەڵەو لەمانگی 8 ی 1975 وە تامانگی 7ی 1997 بەفەرمی ئابونەم داوە سەرەڕای ئەوەی لەمانگی 6ی1976 لەتەک زوربەی ئەندامانی سەرکردایەتی ئێستادا بە7 ساڵ مەحکوم کرام، سەریشیان لەوەسوڕمابوو بۆ بەتەنها حوکم دراوم و کەسی ترم بەدوای خۆما ڕانەکێشاوە، لەو دەمەوە بەهێچ کلۆجێک ناوی ئاسۆو سەعدی-یم نەبیستوە شۆڕشگێربووبن، وەنازانم چۆن لەخۆڕا بوون بەسەرکردایەتی و لەخۆڕاش بوون بەدەمڕاستی ملیۆنەهای وەکومن، ئاخر ئیدی ئەوانە چۆن دەبنە هێمای بەرخودان و تێکۆشان(هیچ دوور نیە ئەو چوار

خائینە لەهزری خۆیانا نەڵێن بۆ کاسەی فایلەکان تەنها لەسەری ئێمەدا شکایەوە،ئەی بۆ لەسەری ئەوانی تردا نەشکایەوەو هەر فایلەکانی ئێمەهاتە سەر مینبەری شەرەف و شکۆمەندی ئەم نەتەوە خۆڕاگرە) لێ بەدڵنیاییوە پێتان ڕادەگەێنم ئەوانەی کەدەنگی لێبوردەیی و دەستی لێبوردەییان بۆ بەرز کردنەوە ئەوانیش فایلدارن و لەبەرەی خائینانا خۆیان حەشارداوە،هێندە زۆرن دەنگی هەق لە ئاست ئەودەنگەخائینانەیا،کپوویڵن،لەبەرهێندێ ئێوەش هەر بەخائینی دەمێننەوەو هەتا ماون هەر دەنگودەستی خیانەتکاریتان زولاڵ و بەرزە،نازانم کۆمەڵانی خەڵک چی لەئێوە ڕەچاوبکات، وەئەگەر پێستی ڕووتان قایم بوو وەهاتنە ناو جەماوەرەوە چ درۆیەکیان بۆ ئەکەن، یان چی ئەڵێن تاجەماوەر گوێتان لێ بگرێت،هەمدیسان مستەفا قسەکەی ناو پلینیۆم ئەکاتەوەو ئەڵیت بەخوا لەیەک نامە زیاترم نەنوسیوە بۆ دامودەزگاکانی فاشیەت،ئاسۆ بەچەشنی ناو پلینیۆم هەنسک ئەڕێژێ و داوای عەفو ئەکات(خۆ ئەوانەی بەدەستی خۆیان پەتی سێدارەیان کردە ملی خۆیان و شەهیدکران و لەزیندانەکانا توندکران ئازارو ئەشکەنجە فرمێسکی پێ نەرشتن، ئیدی مامە چۆن ئەو هەنسک و فرمێسکە تیمساحانەیەی ئاسۆ ڕەحمی جولان و لەبری سەرجەم خەڵکانی بەشمەینەت بەبڕیارێکی خۆی بەخشی،یان پیرە دەڵێت برایەک و برازایەکم بۆ یەکێتی خۆیان بەخت کردوە ئیدی من چۆن خیانەت ئەکەم،(کی ئەڵێت خۆت نەتداون بەکووشت،)بەلام ئافەرین شالاو بۆ خۆت و هەڵوێستت کەبەشداریت لەپلینیۆم نەکردو نەتدەزانی چ پاساوێک بۆ خیانەتەکەت بهێنیتەوە،زۆر سالار بوویت و بەسیلەی ڕەحم دەنگە نەزۆکەکان و دەستەلەرزۆکەکانت بۆ بڵند کرایەوەو مەلائیکەتەکانی ڕەحمان نامەی ئەعمالیان نەخوێندیتەوەو سەرفرازی گەل و شۆڕش بوویت،لێرەشدا پێویستە لەسەرجەم پێشمەرگە دێرینە بێ گەردەکان و ڕێکخستنە دێرینە بێ گەردەکان پەشیمانی دەرنەبڕن و نەڵێن بەری ڕەنجمان لەمەزرای پڕ خیانەتی ئەوانا بەفیڕۆ چوو،نەخێر سەروەری هەر بۆ دڵسۆزانەو سەرنەویبونیش هەر بۆ خائینانە،خەڵکانی دڵسۆزوبەئەمەک مێژوو بەئەمەک و دڵسۆزێوە لەلاپەڕەکانی خۆیدا ژیان و سەروەرێکانی تۆمار ئەکات،مێژوو ڕەحمی وەک ڕەحمی بەڕێز مام جەلال بۆ کەس ناجوڵێنێت و لەکەسیش نابورێت و خۆش نابێت،لێ مخابن ئەم پلینیۆمە ئاوێکی ڕشت کەهەمیشەو هەردەم ئەو ئەمن و تەواری و موستەشارو ئەنفالچی و جەلادانەی کە خزمەتکاری ڕژێم بوون وتامەچەک دەستیان لەخوینی گەلەکەمانا سووربوو بەچاوی ڕێزەوە لەمەودوا دەڕواننە ڕابوردوی خۆیان،گەر بێت و کەسێکیش لەبەردەمیانا بەشێوەیەک ئەلف هەڵبێنێتەوە ئەوا دەمودەست ئەوچوار پاڵەوانە بەپاساو دەهێننەوە.وەهەر وەها ئەم پلینیۆمە ئاوێکی تریشی لەبەردەم هەندێ خەڵکی تردا ڕشت کەلەمەودوا باشترو زیاتر بیرلەخیانەتکردن بکەنەوە دژ بەگەل و نەتەوەکەیان.